**31 ئاب، هەنگاوێکی خەتەرناکو وەرچەرخانێکی گەورە بو لەژیانی سیاسی کورد دا ... مەهدی سالح ستۆپەی**

**هەموو رووداوێک نەتیجەی کارێکە. مرووڤێک، گرووپێک یان بکەرێکی ترکارێک دەکات، کارەکەی دەبێتە هۆی دروستبوونی رۆداوێک.هەر رۆداوێک رابردویەکی هەیە و هیچ رۆداوێکیش بێ هۆ نیە. لە هەمان کاتدا هەموو رۆداوێک کاریگەری خۆی هەیە لە سەر دەورو بەر ودەرهاوێشتەی خۆیشی هەیە. هەندێک جار رۆداوەکان زۆر خەتەرناکن و کردارەکەش ناخووشو ترسناکن بەلام پێویستن. نموونەی وا زۆرن. هەمووهان ئاگامان لێ بوە کە دختور زۆر جار مەجبوور دەبێت نەشتەرگەری بۆ نەخۆشێک ئەنجام بدات هەرچەندە خەتەری ئەوە هەیە کە نەخۆشەکە لە ژێرنەشتەرگەریەکە بمرێت یاخوت تووشی نەخۆشییێکی خەتەرناک ببێت بەلام دختۆرەکە پێشبینی ئەوەش دەکات کە ئەگەر نەشتەرگەریەکە ئەنجام نەدات ئەوا نەخۆشەکە دەمرێت. ئەمە پارادوکسێکە، بیکەم لەوانەیە بمرێت نەیکەم ئەوا لە سەدا سەد ئەمرێت. کامیان باشترە ئەم یان ئەو؟ گومان لەوەدا نیە کە دختۆرەکە لایەنی دوەمیان هەلدەبژێرێت و بریاری نەشتەرگەریەکە دەدات چونکە ئەمەیان ئیحتمالی رزگاربونی هەیە ئەگەر چی زۆر بچووکیش بێت. بەلام لە هەمان کاتدا دختۆرەکە ئامادەکارییێکی باشی بۆ دەکات. هەولدەدات هیچ هەلەیەک نەکات. هەموو پێداویستیەکان لەبەردەستدابن. ئەگەر خوانەخواستە کریزێکیش درووست بوو توانای ئەوە هەبێت کە بەسەریدا سەرکەوێت. گومان لەوەدا نیە کە هەندێک لە کەس و کارەکانی نەخۆشەکە پێیان باشتر دەبێت کە ئەم ریسکە نەکرێت و نەشتەرگەریەکە ئەنجام نەدرێت بەلام ئەمە راشیۆنێل نیە و شتێکی عاتفیە. بریاری راشیونێل لای دختۆرەکەیە. ئەو شارەزا و ئەو خاوەن زانیاری زانستیە. ئاخر ئەگەر دختۆرەکە بە عاتیفە و ئیحساسات کار بکات هەرگیز سەرناکەوێت چونکە هەمو دەرزی لێدانێکیش لەوانەیە ئازار بە نەخۆشەکە بیگەیێنێت.**

**ئێمە ئەگەر بمانەوێت بە شێوەیێکی درووست سەیری رۆداوەکەی 31 ی ئاب بکەین ئا دەبێت بەو شێوە درووستەسەیری بکەین نەک بە ئیحساسەوە. ئەگەر مرۆڤ عاتیفە بەکار بێنێت ئەوا بێگومان هەموو هاوکارییێک یا خوت نزیکبونەوەیەک لە رژێمە داگیرکەرەکان ناخۆش و ناشیرینە. داگیرکەرەکانی کوردستان هیچیان لە وانەی دیکە باشتر نین. هەر هەمویان تاوانبارن بەرامبەر گەلی کوردستان. هەر هەموویان تاوانیان دەرهەق بە کورد ئەنجام داوە. لە سەرەتا باسی ئەوەم کرد کە هیچ رۆداوێک نیە کە هووکاری نەبێ وە هیچ رووداوێکیش نیە کە دەرهاویشتەی نەبن. هۆکارەکان هەر چیێک بن و قەبارەی رۆداوەکەش چەند گەورە یان بچوک بێت ئەوا بەشە هەرە گرنگەکەی روداوەکە دەرهاوێشتە یاخوت ئەنجامەکانی رۆداوەکەن. هەر کارێک دەکرێت ئەبێ بکەر توانای ئەوەی هەبێ پێشبینی نەتیجەکە بکات. رۆداوەکەی 31 ئاب شتێک نەبو لە خۆیەوە درووست ببێت بەلکو پرۆسەییێکی درێژەو سەرەتای پرۆسەکەش بەکەمیەوە دەگەرێتەوە بۆ سالانی پەنجاکان. لەو کاتەی کە تاقمێک لە بەرپرسانی پارتی دیمکوراتی کوردستان ویستیان سەرۆکایەتی پارتی دیمکوراتی کوردستان لە بارزانی نەمر بستێننەوە. هەموو تواناییێکی خۆیان بەکارهێنا بەلام سەرنەکەوتن. لە سالانی شەست و سەراتاکانی شۆرەشی مەزنی ئەیلول ئەم تاقمە بە رابەرایەتی خوالێخۆشبو ئیبراهیم ئەحمەد وبەرێز مام جەلال ناکۆکیەکەیان گەورەتر کرد. لە سالی شەستو شەش گەیشتە لوتکە. تاقمە یاخیبوەکە نە هەر لە شورەش جیابونەوە بەلکو سەنگەریان لەلای داگیرکەر هەلبژارت و بوون بە (ج). لای کەس شاراوە نیە کە ئەم تاقمە ئەو لایەیان هەلبژارت نە هەر بۆ ئەوەی شۆرەش بێ هێز بکەن بەلکو ویستیان سەرۆک بارزانیش لە ناو ببەن و سەرکردایەتی بزووتنەوەی رگاریخوازی کوردستان بدەنە دەست دوژمن. ئەم کارەیان لە پێناو ئەوەدابو کە خۆیان ببن بە رابەرو سەرکردەی کورد. بۆ وەدەستهینانی ئەم ئامانجەیان، خۆیان لە هیچ شتێک و کردارێک نە دەپاراست. ئارمانجیان ئەوە بوو کە بەهەر شێوەییێک بێت هەتا ئەگەر (ج) بێت خوویان لێ نە پارێزن. هەر لەو رۆژەوە تا ئێستا تۆوی دووبەرەکی و کوردکوشتن چاندراوەو تا ئێستاش ئەم سەرەتانە هەر بەردەوامە لە ناو لاشەی پیرۆزی کوردایەتیدا.**

لێره پێویسته ئێمه ئەوه له یاد نەکەین که تەنها خواستی ئەم کۆمەلەکەسە نەبوو کە لە شۆرەشیاندا بەلام بە فیتی دوژمنان بو و داگیرکەرەکانی کوردستان پێویستیان بە پارچەکردنی شۆرەشی کوردستان بو. گومان لەوەدا نیە کە بۆ بەدەست هینانی ئەم ئارمانجەی خۆی، دوژمن ئەو کەسانە هەدەبژێرێت کە لە لێدانێکی وادا بەرژەوەندیان هەیە و هێلی بەرژەوەندیەکانیان لە خالێکدا یەک دەگرنەوە. بەلێ سەفەری سالانی شەستی بەکرەجۆ- هەمەدان- بەغدا لەو سەرچاوەیە وە دەستی پێکرد. ئایا سەفەرەکە گەیشتە قۆناغ؟ نەخێر هەر بەردەوامە بەلام ئەکتەرەکانی سەر ئەم شانۆیە کە لایەنی دەرەکین بۆ کورد گۆراون. دەسهەلات لە بەغدا و تاران گۆرانی بەسەردا هات. کەس و شێوەی دەسهەلات گۆران. بەلام ئارمانج و هەولەکان بۆ بەدەستهینانی ئارمانجەکان نە گۆراون. ئەکتەری سەرەکیش لە لایەنی کوردیەوە بۆ ئەم شانۆیە جەنابی مام جەلالە و ئێستاش بوە بە ی ن ک. با لە سالانی شەست گەرێم و بێین بۆ حەفتاکان.

زۆر کەس لە بیری دێ سالی 77چۆن مام جەلال پۆلێکی سەرکردە و پێشمەرگەی ناردە بادینان کە لە سەدا سەد دەیزانی لەو ناوچەیەدا پ د ک بالا دەستەو ئەو ناتوانێ پارتیەکان لە ناو ببا. بەلام ئەو سێ ئارمانجی لەو هەنگاوەدا هەبوو.1- رزگارکردنی خووی لە کۆمەلە کادرێکی لێهات و کارامە. کە دەیزانی ئەگەر ئەو کادرانە هەتا ئەمرۆ لەژیاندا بان ئەوا ئەو نەیدەتوانی بەم شێوەیە کۆنترۆلی ی ن ک بکاتو هەرگیز بە جاشاتی رازی نەدەبوون. 2- رژێمی سۆریا داوای لێکردبو کە پ د ک لەناو ببات و سنووری باشوری کوردستان لەگەل سۆریا لە ژێر کۆنترۆلی خۆیدا بێت. 3- ویستی بەم شێوەیە مەرەمە کەی خۆی بە دەست بێنێت کە سەرکردایەتی شۆرەش بگرێتە دەست. وە نەتیجەی ئەم هەنگاوەی مام جەلایش بەدەر کەوت و مێژۆش ئەزانێ کە چی قوما. سالانی هەشتاکانیش هەر لەسەر داوای رژێمی بەغدا هەمان هەلوێستی گرتە بەرو ئەمجارە نە هەر لە پ د ک دا بەلکۆ لە حسک و حشک دا. باش دەی زانی کە ئەم دوو هێزە دیمکوراتە لای پدک هەلدەبژێرن. ئەمەش دەبوە هۆی ئەوە کە جارێکی تر جەنابی بەرێز مام جەلال لە هەولەکانیدا بۆ گرتنەوەی سەرکردایەتی شۆرەش فەشەل بێنێ.

دوای راپەرینە بێهاوتاکەی سالی نەوەد و یەک و سالێک دوای ئەم سەرکەوتنەمەزنە لە سەر پێشنیاری سەرووکی پارتی دیمکوراتی کوردستان هەلبژاردن کراو بە شایەدی هەمو کەسێک پ د ک لە هەلبژاردنەکان بەسەرکەوت. گومان لەوەشدا نیە کە رێگای هەرە شەرعیو شارستانی بۆ بەدەستهێنانی دەسهەلات هەلبژارتنە. هەموشمان ئەزانین کە ینک سالی 1998 لە کاتی ئیمزاکردنی رێکەوتنەکەی واشنتون ئیعترافی کرد کە پ د ک لە هەلبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەست هێنابو. بەلام بەداخەوە سالی 92 مام جەلال و ی ن ک کە نەیان توانی بەرێگاییێکی شەرعی سەرکەوتن بەدەست بێنێت پەنایان بردە بەر رێگا نا شەرعیەکەی و نەتیجەی هەلبژارتنیش فت. هەر ئەمەش وای کر کە 50 بە 50 بێتە کایەوە. ئەمەش نە هەر کوردی نەگەیاندە کەناری ئارام بەلکو لەناو دەریاییێک خوێنی نقوم کرد. ئایا کەسێک هەیە نکۆلی لەوە بکات کە ئەمە لە پێناو دەسهەلات نەبو؟ ئایا ی ن ک دەتوانێ نکۆلی لەوە بکات کە لە کاتی ئیتفاقیەی واشنتون دانی بەوەدا نەهێناوە کە پ د ک لە هەلبژاردن بردبویەوە؟ بۆ 50 بە 50؟ کە لە کۆتایشدا بو بەهۆی شەری پەرلەمان و کورد کوژی. ئەگەر ئەم ویستە نا شەرعیو نا دروستەی مام جەلال نەبا ئایا کورد سالی 94 توشی شەری خۆ کوژی دەبو؟ لەوانەیە زۆر کەس بلێن ئەی پارتی بۆ تەنازولی بۆ مامە نەکردوە. من دەتوانم دوو نمۆنە بێنمەوە کە پارتی جارێکیان لە مام جەلال خۆشبوە و جاری دوەم تەنازولی بۆ کردوە. سالی حەفتا بارزانی نەمر لە هەموو گوناحەکانی مام جەلال خۆشبو فەرموی ئەگەر بیکوژم ئەوا نەوەی دوارۆژ دەلێ قارەمانێکی کوشت. ئایا بە رای ئێوە ئەگەر مام جەلال بۆی بکرابا بارزانی بکوژێت دەی کوشت یان نە؟ بەرای من هیچ دوودلێیێکی لە مەسەلەکە نە دەکرد. نمونەی دوەم کە کە پ د ک تەنازولی بۆینک کرد سالی 1992 بوو کاتێ کە ینک ئامادە نەبوو دان بە راستی دا بنێت و تەحەمولی شکەستی هەلبژارتنی نەکرد.
لەکاتی شەری براکوژی مام جەلال سەرەتا واز لەوە بێنن کە بەبێ تەردود چەندجار دووبارو چەند بارەی دەکردەوە کە پ دک لە ناو دەبات. نەفیرعامی راگەیاند. کچی کوردی مینرێژکرد و ناردی کە بێت خۆی لە ناو مەکتەبی سیاسی پارتی بتەقێنتەوە. لاشەی پێشمەرگەکانی پارتی دەسوتاند و چەندین ئیتفاقەی ئیمزا کرد تاکو لە دوایدا لێیان پەشیمان بێتەوەو

هەموو ئیتفاقەکان لە پێناو ئەوە بوو تاکو خۆیان ئامادە بکەن بۆ جەولەیەکی تری شەر. لە پاش ئەوەی لە هەموو هەولەکان فەشەلی هێنا پەنای بردە بەر ئێران. با لە خۆمان ب پرسین ئەرێ حوسێنیە کاری چیە لە سولێمانی؟ ئەرێ ئەو کاتۆشانەی کە بە مەسیف سەلاحەدین دەکەوتن لە کوێ دەهاتن؟ ئەرێ ئەو پاسدارانەی کە لە کۆیە لە بارەگاکانی حزبی دیمکوراتی کوردستانی رۆژهەلاتی دەدا کێ هینابونی؟ ئەرێ ئێران نەبو کە بە هەموو هێزەکەیەوە یارمەتی ی ن ک دەدا تاکو لە شەرەکەیدا دژی پارتی سەرکەوێ؟ ئایا مام جەلال نەبوو رۆژی 13-8-1996 کە لە مەلبەندی رێکخستنی ی ن ک لە چەمچەمال گوتی بەم رۆژانە پارتی لە جێگای ئاهەنگگێرانی پەنجاسالەی خۆی تازیەی مردنی خۆی دادەنێت؟ ئایا مام جەلال هەر لە خۆیەوە ئەم قسەیەی کرد یان وەعدی تەواوی لە ئێران وەرگرتبو کە بە هەموو شێوەیەک یارمەتی ی ن ک دەدەن بۆ لە ناوبردنی پارتی؟ ئایا ئەگەر ئێران باشوری کوردستانی داگیرکردبا بە یارمەتی ی ن ک کە بریاربو وا بێت حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەمانەوە؟ ئەگەر بە ویژدانەوە وەلام بدەینەوە ئەوا بێگومان وەلامەکە دەبێتە نەخێر، نەخێر نەخێر...

من ماف بە ی ن ک یەکان دەدەم کە بەم قسانەی من تورە ببن بەلام من لە ئەندامە بە شەرەفەکانی ینک دەپرسم ئایا رۆژێک لە مامجەلالتان پرسی لە بەرچی بە هەزاران پاسداری هێنا بۆ کوردستان؟ ئەگەر خۆی تۆرەکرد و گوتی ئێمە پاسدارمان نە هێناوە لێی بپرسن ئەی پاسدار نەبون لە پاش دەرکردن مامەیان هێناوە بۆ کوردستان؟ خۆ کورد لێی رزگار ببو بەلام ئێران بە هەموو توانایێکی خۆی یارمەتی دان تا مامە و ی ن ک بێنەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی دەستی درێژی ئەوان بن بۆ لێدانی کوردایەتی. ئێمە هەمووومان بە جەنابی مام جەلالیشەوە دەزانین کە لە مێژودا تەنها دوژمن کەسایەتی یان لایەنی کوردی بەکارهێناوە بۆ لێدانی کورد و بەدەستهینانی بەرژەوەندیەکانی خۆیان. گومانیش لەوەدا نیە کە مامە و خوا لێخۆشبو ئیبراهیم ئەحمەد دامەزرێنەری یەکەمین قوتابخانی جاشایەتی سیاسین لە مێژوی کورددا. بەردەوام دوژمن ئەوانی بەکار هێناوە بۆ لێدانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردایەتی. بەلام 31ی ئاب ئەم هاوکێشەیەی گۆری. بۆ یەکەمجار کورد توانی دوژمن بەکاربێنێ بۆ وەدەستهێنانی بەرژەوەندی کورد. بەلێ 31 ی ئەب ئەوەندە جوان دارێژراوبوو کە ئەودوژمنەی بەکارمان هێنا نەی دەتوانی لەو زروفەدا لە کوردستان بمێنێتەوە. ئەو وەک کارتێک بەکارهێنرا. کارەکەمان پێکرد و دوو تفیشمان لێکرد و گەراوە. پارتی دیمکوراتی کوردستان وەک یەکەمین قوتابخانەی سیاسی نەتەوەی لە باشوری کوردستاندا دختۆرێکی ئەوەندە شارەزابو کە دەی زانی سەدام ناتوانێ لە کوردستان بمێنێتەوە. ئەمریکا کە ئەرکی پاراستنی کوردستانی لە ئەستۆدابو باش هەستی بەو خەتەرە کردبو کە مام جەلال لە هێنانی پاسداران بۆ لێدانی پارتی دروستی کردبو بۆیە رێگای بە و چەندهێزە سنوردارەی سەدامی دا کە بێن خەتەرەکە کەم بکەنەوە. پارتیش دەی زانی کە هێزی سەدام ناتوانێ لە بەر ئەمریکیەکان لە کوردستان بمێنێتەوە بۆیە لەگەل ئەمریکیەکان ئیتفاقی کرد کە کارێکی وا ئەنجامبدرێت و پاشانیش سەدامیەکان لە کوردستان دەربکرێن. ئەگەر وانەبێ بۆ رۆژی یەکەم ئەمریکیەکان لە دەبابەی عیراقیان ئەدا؟ ئایا نەی دەدیتن؟! بەلێ بەلێ باش دەی زانی کەی دێن چۆن دێن. باشیش دەیزانی کە مام جەلال چ پلانێکی داناوە بۆ ئەوەی بە یارمەتی ئێران مەرامی چلسالەی خۆیو وەزیفەی چل سالەی خۆی کە دوژمن پێی سپاردبو بە جێ بێنێ. بۆیە من دەلێم 31ی ئاب روداوێکی خەتەربو ئەگەر سەدام لە کوردستان بماباوە. بەلام پێویستبو لە بەر دوو هوۆ:1- کوردی لەوە رزگار کرد کە بکەوێتە دەستی ئێران. 2- جارێکی دیکەش مام جەلالیان بە خەبەرهێنایەوە کە تۆ ناتوانی سەرکردایەتی کورد بگریە دەست و واز لە خۆفرۆشیو کەمین نانەوە بێنە. نەتیجەکەی 31ی ئاب یش دیار بو. 1- ینک مەجبور کرا دان بە راستیدا بنێ و ئیتفاقیەی واشتنون ئیمزا بکات و بە کەمیەوە شەر نەمێنێ ئەگەر چی ئاشتبونەوەش دروست نەبو. 2- دوژمن بۆ یەکەم جار زانی کە کورد توانای ئەوەی لا دروست بوە کە دوژمنانی خۆیان بەکاربێنن بۆ بەرژەوەندی کورد. 3- ئێمەی کورد باوەری ئەوەمان بە خۆ درووست کردوە کە دوژمنان ناتوانن ئێمە بەکاربێنن بەلکو کاتی ئەوەیە کە ئێمە دوژمن بکەین بە جاشی خۆمان.

زۆر کەس هەن لەم رۆژانەدا ئیستفادە لە وە 31ی ئاب بکەن بۆ لێدانی پارتی. ئەم کەسانە ئەبێ بەشێوەیەکی زانستیانە سەیری هۆکار و دەرئەنجامەکانی روداوەکە بکەن نەک بە ئیحساس و عاتیفەوە. دەبێ ئێمە بزانی کە ئەگەر 31ی ئاب

نەبا ئەوا ئیمرۆ کوردستان لەدەستی مەلاکانی ئێران دەبوو. ئەم کەسانەی کە بێلایەن نین و دوژمنی پارتین ئەبێ ئەو راستیە قەبوول بفەرمون کە پارتی دیمکوراتی کوردستان هەر بە قوتابخانەی کوردایەتی دەمێنێتەوە. چونکە بە پێچەوانەی هەندێک لایەنی دیکە کە لە پایتەختی دەولەتەکانی داگیرکەر و بە یارمەتی داگیرکەران دامەزراون و گەورە بونە، پارتی دیمکوراتی کوردستانیش لە پایتەختی کوردستان و بەیارمەتی قازی سەرەک کۆمار و بارزانی باوکو سەرکردە درووست بوە. ئەگەر واش نەبا لە پاش رۆخانی رژێمی فاشستی بەغدا وەک هەندێ لایەنی دیکە فایلە شەرمەندەکانی سەرکردایەتی پارتیش ئاشکەرا دەبوون ئەگەر وجودیان هەبێ. رەش و سپی یەک نین. رەش رەشە و سپیش سپی.

هەر گەشاوەبێ ئالای کوردستان
- سوید